### بۆ بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی

# قسەیەک لە سەر قسەیەکی درەنگکەوتوو !



د. بورهان یاسین

**زۆر مێژا کاک فەلەکەدین کاکەیی سڵاوێکی کوردستانیانەی گەرم، ئەوەی ڕاستی بێت گفتوگۆیەکی بەڕێزتان لەگەڵ ڕۆژنامەی (ڕووداو) لە ژمارە 133ی ڕۆژی 2010/10/19دا وایلێکردم ئەم نامەیەتان بۆ بنووسم، بە هیوای ئەوەی بەشدارییەک بێت لە ورووژاندنی یان ڕاستتر بڵێم ورووژاندنەوەی هەندێک بابەت کە لە دیمانەکەتاندا باسیان لێکراوە و پێشتریش خۆم گرنگیم پێداون و کاریشم لەبواری سیاسەتی عەمەلیدا لەگەڵ هەندێکیاندا کردووە.**

**بەڕێز،**

لە گفتوگۆکەتدا کۆمەڵێک بابەتت ورووژاندوە کە لەلایەکەوە جێگەی ستایش و دەستخۆشیکردنە، لەلایەکی دیکەوە باسوخواسەکەتان مرۆڤ نیگەران دەکات و، بەتایبەتیش کاتێک ئاماژەکان لە ڕۆشنایی سیاسەتی سەرکردایەتی کورد لە باشووری کوردستان خوێندنەوە و تێگەیشتنیان بۆ دەکرێ، کە بڕوام وایە زیاتر سیاسەتی خۆهەڵواسین بە ڕووداوەکان و ژیانکردن لەسەر حسێبی ڕووداوەکانە تا ئافراندنیان. بە مانایەکی زۆر کورت، ئەو سەرکردایەتییە بێ ستراتیژ و بێ ئاسۆی سیاسییە.

هەرچەندە لەو بڕوایەدام کە هەموو دەرفەتەکان بۆ باشووری کوردستانێکی سەربەخۆ لەدەست نەچوون، بەڵام ئەمە 2003 نییە بەڵکو ئەمڕۆ 2010یە. بۆ سیاسەت و سیاسەتکردن نەک 7 ساڵ زۆرە بەڵکو هەروەک لینین و دیڤید بنگوریون و هیلمۆت کۆڵ ڕاست بۆی چوون (لە سێ مەقتەعی مێژوویی زۆر جیادا — یەکەمیان دەربارەی کاتی ئەنجامدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، دووەمیان دەربارەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و سێهەمیان لەسەر بڕیاری یەکخستنەوەی هەردوو ئەڵمانیاکە) کە یەک دانە سەعاتیش بۆ سیاسەت زۆرە.

بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم تێزانەی سەرەوە وقسەکردنیش لەسەر ئاخافتنەکانی جەنابت (کە لێرەدا بە قسەی درەنگوەخت ناویان دەبەم)، بە تایبەتی ئەو پەیڤانەی کە پەیوەندیان بە بابەتی ڕیفراندەمەوە هەیە، ئەم چەند تێبینیەی خوارەوە دەخەمەڕوو:

1) کارەساتە سیاسییەکەی دوای کەوتنی دکتاتۆر لەوەدابوو کە سەرکردایەتی کورد لە باشوورەوە بە تەسکبینیەکی زۆرەوە بە هزر و بیرێکی کۆن کاری لەگەڵ حاڵەتێکی تەواو نوێی مێژوویی و جیۆستراتیژیدا کرد.. من تێدەگەم ئەگەر لە حاڵەتە سیاسییە ئاڵۆزەکەی عێراقی دوای سەددامدا بۆ ئەمریکییەکان زۆر شت چاوەڕواننەکراو بووبێت، بەڵام مرۆڤ هەرگیز ئاسان نییە لەوە بگات کە سەرکردایەتی کوردیش کۆمەڵێک ناشارەزایی و ناکارامەیی و کورتبینی پێوە دیاربوو، هەرچەندە کورد 82 ساڵ بوو بەزۆر بەو دەوڵەتە لکێنرابوو ئەو هەموو ماوەیە لە خەباتی بەردەوام دابوو بەرامبەر ڕژێمەکانی ئەو دەوڵەتە؛ بەم پێیەش دەبێ سەرانی کورد لە هەموو کەس و لایەنێک زیاتر ئاگادار و شارەزایی زێتری هەبێت بۆ چارەسەری یەکجارەکی کێشەی کورد لە ڕێگەی کۆتایی دانانێک بۆ بوونی ئەو دەوڵەتە، یا هەر نەبێ کارکردن بەو ئاراستەیەدا لەبری ژیاندنەوەو دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی. با ئەم مەسەلەیە زیاتر ڕوونبکەمەوە:

بەندە هەر ڕۆژێک دوای کەوتنی دکتاتۆر دوو نامەم بە دوای یەکتردا (لە ڕۆژانی 2003/4/10 و 2003/4/11) بۆ هەردوو حکومەتەکەی پارتی و یەکێتی نارد. بەبێ ئەوەی سەرتان بە گێڕانەوەی تەواوی ناوەڕۆکی نامەکان بێشێنم، تەنها چەند ئاماژەیەک دەکەم لەو شتانەی کە لە نامەکاندا هاتوون و پەیوەندیدارن بە ناوەڕۆکی دیمانەکەتان: 1- لە نامەی یەکەمدا هاتووە کە ڕازیبوون بە لکانەوەی باشوور بە عێراق گەڕانەوەیە بۆ چوارگۆشەی ژمارە یەک (واتە گەڕانەوەیە بۆ حاڵەتی ساڵی 1921)...؛ 2- هەر لە نامەی یەکەمدا دەڵێم "لەوە دەچێ سەرانی کورد لە باشوور باوەڕیان کردبێ کە ئەوان میعماری دەوڵەتی داهاتووی عێراق دەبن. ئەگەر وا تێگەیشتبن، ئەوا بە حیسابێکی مێژوویی چەوتدا چوون، کورد لە عێراقی داهاتوودا ناتوانێ میعمار بێت. لە باشترین حاڵدا وەک ساڵانی (1921 – 1991) دەبێ.. عێراقی داهاتوو عێراقی ململانێ دەبێت لەنێوان پرۆژەیەکی شیعی بەرامبەر سوننی عەرەبی...بە کورتی عێراقی دوای سەدام عێراقی ململانێ دەبێت، نەک هی ئەزموونی دیمۆکراسی..." هەر لەم بارەیەوە لە نامەی دووهەمدا نووسیومە: "ئەگەر کورد ڕابکێشرێتە ناو گەمەیەکی ئەوها ئەوا خەتەری هەیە کە کوردستانیش لەدەستبدا و عێراقیش بەدەست نەیێنێ". بەڵێ ئەوە ئەو

## سیاسەتی سەرکردایەتی کورد لە باشووری کوردستان خوا هەڵواسینە بە ڕووداوەکانەوە تا ئافراندنیان

ڕۆژەیە کە لە دیمانەی بەڕێزتانەوە، ئەو جەدەلە، کەم یا زۆر، هەستی پێدەکرێت؛ 3- لە خاڵی 7ی هەمان نامە (واتە نامەی یەکەم)دا دەڵێم: "وا دەزانم ئەگەر بە زووترین کات پارتی و یەکێتی بە کارێکی زۆر بە پەلە هەوڵی ئەوە نەدەن کە باسی مافی چارەی خۆنووسین و ڕێفراندەم و پرسکردن بە ڕای خەڵکی کوردستان لەمەڕ دواڕۆژیان بکەن، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا کورد دووچاری دواڕۆژێکی ناڕوون و نادیار دەبێ ...: ئەوا کورد دەگەڕێتەوە چوارگۆشەی ژمارە یەک...". هەر لەم بۆچوونەوە بەندە بە هاوڕێیەتی 4 کەسیتر ڕۆژانی 4/1/2004-5 سەردانی هەردوو سەرکردە مەسعود بارزانی و مام جەلالمان کرد (هەڵبەتە لە دوو دیداری جیادا) و لەبەردەمیان گوتم "کورد لە لووتکە نزیک بووەتەوە ئەگەر پاڵنەدرێ بۆ سەر لووتکە ئەوا بە ئەگەری یەکجار زۆر بەرەو هەڵدێر دەگەڕێتەوە" و، پێشنیازی بەندە بۆ ئەو پاڵدانە (ڕاستتر بڵێین ئامرازی ئەو پاڵدانە) ڕیفراندەمێکی سەرتاسەری بوو. داخەکەم وا دەرکەوت کە (هەڵبەتە بۆچوونی خۆم ئەو کاتەش وابوو): سەرکردایەتی کورد لە مامەڵەکردنی عێراقی دوای سەدام هێشتان هەر ئەسیری کوردایەتی و بیری سیاسی عێراقی کۆن و بەر لە ڕووخان بوو، کە لەڕاستیدا بیری پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بوو. ئەم سەرکردایەتییە ئەسیری ئۆتۆنۆمیزم بوو (بەم مانایە فیدرالیش هەر دەکەوێتە چوارچێوەی تەرتیباتی ئۆتۆنۆمییەوە): لەڕاستیدا هەندێک سیستەمی ئۆتۆنۆمی هەن لە جیهاندا، لەزۆر ڕووەوە، بەهێزترن لەو فیدراڵیەی کە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا هاتووە، بەڵام لەوەش خەراپتر لایەنی عەرەبی بەمەش ڕازی نییە...؛ 4- لە خاڵی (6)ی هەمان نامەدا هاتووە "قەوارەی تراژیدیاکە گەورەترە و مەداشی فراوانترە کاتێک دەبینین ئەو ڕۆڵی هاوسەنگیکەرەی بەریتانییەکان بەزۆر بەسەر کوردیاندا سەپاند لەساڵی 1921، ئەمڕۆ دوای 82 ساڵ کورد شانازی بەو ڕۆڵەوە دەکات کە هەیبێت لە عێراقی دوای سەدام. . ."؛5- هەر لە نامەکاندا ئەوە هاتووە کە پێویستە سەرکردایەتی کورد ئەم پرسیارە جیددییە لە خۆی و ئەمریکییەکانیش بکات: ئایا کە پرۆژەی بەریتانی لە دەوڵەتی عێراقی یەکبوودا لە ماوەی 82 ساڵدا سەرنەکەوت، ئەوە چییە وا دەکات کە ئەمریکییەکان لە هەمان پرۆژەدا سەرکەوتوو بن؟ داخەکەم سەرکردایەتی کورد نەک هەر ئەو پرسیارە جیددی و پێویستەی نەکرد (نە لە خۆ و نە لە ئەمریکییەکانیش) بەڵکو خۆشی کردە سەری ڕمی مومکینکردنی نامومکین (کە پرۆژەی دەوڵەتی عێراقە).. ئاخر کاک مەسعود، لە دوای 50 ڕۆژ مانەوە لە بەغدا لە کاتی پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور، کە گەڕایەوە کوردستان ڕایگەیاند کە شانازی نەک هەر بە چەسپاندنی مافەکانی کورد لە دەستووردا دەکات، بەڵکو شانازیش بەوەوە دەکات کە سوننە و شیعەشی لەیەکتر نزیک کردووەتەوە. هەر ئەوکاتە سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شانازییەوە ڕایانگەیاند کە زیاتر لە 25 کۆبوونەوەی نزیککردنەوەی سوننە و شیعە لە یەکتر تەنها لە ماڵی (یا ڕاستتر بڵێین لە بارەگای کاری) کاک مەسعود لە بەغدا ئەنجامدراون؛ جگە لە کۆبوونەوەی دیکە لە شوێنی دیکە. ئەمە دەچێتە مێژووەوە وەک یەکێک لە موفارەقە (پەرادۆکس)ە گەورەکانی سیاساتی کوردی، کە لەڕاستیدا ئەو سیاسەتە پڕە لە موفارەقەی کوژەر و سەیروسەمەرە! لێرەدا نامەوێ موفارەقەکان بژمێرم، بەڵام سەیر ئەوەیە کە زۆر جار لایەنە کوردییەکان لەگەڵ بەرامبەرە دووژمن و داگیرکارەکە "دیموکراتترن" تاوەکو لەگەڵ برا و خوشکە کوردستانییەکانی! هەروەک خۆی دەخوازێ وابێت، مام جەلال ئەو شانازیەی بە 4 ساڵی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقەوە دەکات بە تەواوی خەباتی پێشوویەوەی ناکات! ئەوەتا مام جەلال هەر کەمێک بەر لە کەوتنی دکتاتۆر (لە 2003/3/21) دەڵێت "من خەون بە عێراقەوە دەبینم نەک بە کوردستانەوە". ئەمە هەر لەخۆوە نەهاتووە و کەسیش مام جەلالی مەجبوور نەکردووە ئەوها فکر بکاتەوە، بەڵام ئەمە ڕێک بەرهەمی مەدرەسەیەکە لە بیرکردنەوە و جیهانبینییێکە و خۆناسین و ئەویتر ناسینێکە (کوردایەتییە کاتبەسەرداچوو و کلاسیکییەکەیە)و...هتد، کە تا ئەمڕۆش بە توندی باڵی بەسەر ئەندێشە و فەلسەفەی سیاسی سەرکردایەتی ئەو بزاڤەدا گرتووە و لێناگەڕێ هاوکاتی خۆی ببینێ.

2) لە دیمانەکەدا باستان لە مەسەلەی ڕیفراندەم کردووە. حەزدەکەم لەم بارەیەوە چەند تێبینیەک بخەمەڕوو 1ـ جێگەی داخە تائێستاش سەرکردایەتی سیاسی، بە تایبەت هی پارتی و یەکێتی، هەروەها هی ئۆپۆزیسیۆنیش، لە ماهیەت و ڕەهەندەکان و گرنگی پرەنسیپی ڕیفراندەم نەگەیشتوون. دەڵێم پرەنسیپ، چونکە هەڵوێستی پارتی و یەکێتی لە بزاڤی ڕیفراندەمی ساڵی 2004 باسێکیترە، کە هەر لەم تێبینیانەی بەردەستدا دەگەڕێمەوە سەری. ڕیفراندەم بەوشێوەیەی کە بەندە تێیگەیشووم: ا- ڕووی دراوێکە کە لەدوو ڕوو پێکهاتووە؛ ڕووێکیان لەسەری نووسراوە مافی چارەی خۆنووسین و ڕووەکەی دیکەیش ڕیفراندەم. لەڕاستیدا مافی چارەی خۆنووسین لە تەرجەمەی عەمەلیدا دەکاتە (یا دەبێتە) ڕیفراندەم؛ ب ـ تەنها لە ڕێگەی ڕیفراندەمەوە خەڵک دەتوانن گوزارش لە ئیرادەی تاک بە تاکی خۆیان بکەن لە هەنگاوێکی گشتگیری چارەنووسسازدا؛ ج ـ ڕیفراندەم تاک چالاک دەکا و پەیوەندیداری دەکا بە چارەنووسەکەیەوە، کە هیچ پرۆسەیەکی دیکە ناتوانێ ئەو ئەنجامەی هەبێت؛ د- ڕیفراندەم ناحەزانی بیرۆکەی سەربەخۆبوون ئیحراج دەکا، بەڵام جیا لە زۆر ئامرازی دیکەی خەبات، بەهانە ناداتە دەست دووژمن بۆ تۆڵەسەندنەوە...؛ د- ڕیفراندەم بەشێوەیەکی نوێ، جیا لە شێوازە تەقلیدییەکە، سەرنجی ڕای گشتی جیهانی بۆ خۆی ڕادەکێشێ و ئەو ڕایە گشتییە بە شێوازێکی هاوچەرخ و تەندروست بە چارەنووسی کوردەوە پەیوەندیدار دەکات...؛ ح ـ لە ڕێگەی ڕیفراندەمێکی گشتییەوە دەکرێ بەشێوەیەکی زۆر جیا نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە جیهانییە پەیوەندیدارەکان بخرێنە بەردەم ئەمری واقیع و بەشێوەیەک پەیوەندیدار بکرێن کە زۆر جیایە لەوەی ئەو پەیوەندیدارکردنە لەڕێگەی بڕیارێکی سیاسی دەسەڵاتی کوردی یان حیزبێکی سیاسی کوردییەوە هاتبێ؛ هـ- ڕیفراندەم مۆری ئەمریکی (وەک بارگرانایەکی سیاسی) لەسەر هەرهەوڵێکی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لادەبات و ئەو هەوڵە، هەرچەندە بە پشتگیری ئەمریکاش بێت (شاراوە یان ئاشکرا)، دواجار وەک هەنگاوێکی خۆماڵی و ئیرادەی خەڵک دەردەکەوێ، کە ڕەتکرنەوەی یان دژایەتیکردنی ئاسان نابێت. جگە لەمەش، ئەمریکا لەبەردەم دۆستانی (تورکیاو وڵاتانی عەرەبی) ئیحراج نابێت، چونکە ئەم هەنگاوی سەربەخۆییە لە ڕێگەی ئیرادەی خەڵکەوە (بە هەنگاوی ڕیفراندەم) هاتووە نەک لە ئاکامی پیلانێکی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ دابەشکردن و لەتوپەتکردنی ناوچە؛ س- لەگەڵ هەر ئەگەرێکی زیندووبوونەوەی بزاڤی ڕیفراندەم لە داهاتووەکی نزیک یان دووردا، گرنگترین شت ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی دەست لەو بزاڤە هەڵگرن. با بۆ یەکەم جار کورد ببێتە خاوەن پرۆژەیەک کە لەهەموو نەتەوەوەیە و هی هەموو نەتەوەیە و بۆ هەموو نەتەوەشە. بزاڤێکی ڕیفراندەم ناتوانێ خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆییەکی ڕاستەقینە بکات ئەگەر لە بوون و ماهیەتیدا ئازاد و سەربەخۆ نەبێت! 2ـ من بەڕاشکاوی دەڵێم شکستی بزاڤی ڕیفراندەم لە باشووری کوردستان دەرهاوێشتەی ڕاستەوخۆی سیاسەتی چەوت و کورتبینی پارتی و یەکێتی بوو. ئەوان لەبەر زۆر هۆ چۆکی بزاڤی ڕیفراندەمیان شکاند: + لەژێر ڕۆشنایی پرەنسیپێکی سەقەت و نادیمۆکراتیانە "ئەوەی لەبەردەستی خۆم نەبێ، نابێ بوونی هەبێ..."؛ ب ـ پارتی و یەکێتی بزاڤی ڕیفراندەمیان وەک هەڕەشەیەک بینی بۆ هەیمەنەی سیاسی خۆیان، نەک وەک سەرچاوەی هێز بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی و خەڵکی کوردستان؛ ت- ئەو دوو هێزە لەوە ترسان کە دواجار بزاڤی ڕیفراندەم ململانێی سیاسی لەباشووری کوردستان (ڕوو لە ناوخۆ) لە قازانجی هێزێکی ئەلتەرنەتیڤ یەکلایی بکاتەوە و وایانزانی ئەم بزاڤی ڕیفراندەمە دەبێتە ئەو ئەلتەرناتیڤە، کە لەڕاستیدا مەبەستی ڕاستەوخۆی ئەو بزاڤە ئەوە نەبوو. بە مانایەکی دیکە ئەوان سەرئێشەی سەرەکیان ئەوەبوو ئایا ڕیفراندەم لەڕووی ناوەوە چ هەڕەشەیەک دەبێ لە هەیمەنەی سیاسی ئەوان تا تەماشاکردنی ئەو بزاڤە وەک سەرچاوەی هێزێکی مێژوویی یەکلاکەرەوە لە پرۆژەی بوون یا نەبوونەوەی عێراق (واتە ململانێی بەخۆبوون و سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان لەلایەک یان جارێکی دیکە بە توندی لکانەوەی بە عێراق لە لایەکی دیکەوە)؛ ج- بزاڤی سیاسی باشووری کوردستان بەردەوام لە ئاستی داواکاری سەربەخۆییدا، خۆی بچووک بینیوە و هەر ئەوەش بوو سەرچاوەی خوێندنەوە و هەڵوێستی ئەو دەسەڵاتە لە بزاڤی ڕیفراندەم. لەڕاستیدا پەیامی هەرە سەرەتایی کاک مەسعود لە بەرامبەر بزاڤی ڕیفراندەم ئەوەبوو کە

## شکستی بزافی ریفراندۆم لە باشووری کوردستان دەرهاوێشتەی ڕاستەوخۆی سیاسەتی چەوتی و کورتبینی پارتی و یەکێتی بوو

"بەردی گەورە نیشانەی نەهاوێشتنە"! ئەمە ئەو پەیامەی بارزانی بوو کە، لە ڕێگەی نوێنەری پارتییەوە، بە کۆبوونەوەیەکی گەورە و گرنگی کوردستانیانی خوارووی سوێد (کە لە شاری مۆلمو لە 2004/8/22 ڕاگەیێندرا؛ د- هەر مام جەلالیش بەرپرسە لە ڕاگرتنی بەرنامە نایابەکەی کوردسات (بەرەو ڕیفراندەم)، ئەو بەرنامەیەی کە توانی جوانترین خزمەت بە بزاڤی ڕیفراندەم بکات؛ هـ- لەڕاستیدا کاتێک نوێنەرانی کۆمیتەی ڕیفراندەم چوونە بەغدا لەکاتی ئیدارەی مەجلیسی حوکم تەنها چەند ڕۆژێک بەر لە دەرچوونی یاسای ئیدارەی دەوڵەت (ناسراو بە دەستووری کاتی)، هەندێ کەسایەتی عەرەبی (لەوانەش ئەحمەد چەلەبی) پێشوازی گەرمتریان لەو نوێنەرانە و بیرۆکەی ڕیفراندەم کرد تا کاک مەسعود و مام جەلال. بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ سیاسەت و شێوەکارکردنی کۆمیتەکە خۆیشی خۆکوژانە بوو، بەرادەی یەکەم چونکە قەبووڵی کرد بکەوێتە ژێر سێبەری قورسی ئەو دوو حیزبە حوکمڕانەی باشوور و نەشیتوانی لە مەدرەسەی ئۆتۆنۆمیزم ڕزگاربێ؛ س- دەسەڵاتی کوردی لەوە ترسا کە ئەگەر ئیرادەی کورد لە باشووری کوردستان لەڕێگەی بزاڤێکی ڕاستەقینەی ڕیفراندەمدا چالاککرا ئەوا دواجار هەر ئەو ئیرادەیە بە ئەگەری زۆر بەرەو ڕووی خودی خۆیان (واتە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان) دەبێتەوە.

3) لە دیمانەکەتدا لەگەڵ (ڕووداو) ئەوە خویا دەبێ کە ئێوە گەیشتوونەتە هێڵی "بێئومێدی" لە پرۆژەی دەوڵەتی عێراق و چارەنووسی باشووری کوردستان لەم پەیوەندیەدا. هەر لەم ڕۆشناییەشەوە دەڵێی "لە سەربەخۆیی زیاتر هیچ ڕێگەیەکمان لەپێش نییە". لەم بارەیەشەوە حەزدەکەم چەند تێبینیەک بدەم: ا ـ جێگەی ستایش و دەستخۆشییە کە بەرپرس و کەسایەتییەکی سیاسی بە پێگەی وەک ئێوە ئەو ڕادەیەی لە ڕاشکاوی تێدابێ کە بەو ڕوونییە گوزارش لە کێشەکان بکات. مخابن بەشی زۆری سەرانی کورد لە باشوور بە شێوەیەکیتر گوزارش لە شتەکان دەکەن و لەڕاستیدا هەر ئەوهاش هەڵسوکەوت دەکەن، ئەویش بەو مانایەی کە پرۆسەی سیاسی لە عێراق هێشتان هیوابەخشە. دیارە ئەو جۆرە سەرکردانە کاتێکی دیکەیان پێویستە تا بگەنە هەمان ئەو دەرەنجامەی جەنابت؛ ب- لە بەراوردێکی بەپەلە لەنێوان ناسیۆنالیزمی کوردی و زایۆنیزمدا، جیاوازیەک بە قەد ئەوەی لەنێوان ئەرز و ئاسماندا هەیە دەردەکەوێ: لەڕاستیدا جووەکان لە فەلەستین لە سەرەتای ساڵانی بیستەکان هەوڵی نامومکینکردنی فەلەستینێکی یەکبوویان دەدا، بە مانایەکی دیکە هەوڵی مومکینکردنی دابەشبوونی فەلەستینیان دەدا، ئەمەش ڕێک لە ڕێگەی بێهیواکردنی بەریتانییەکان لە پرۆژەی دەوڵەتی فەلەستین بەدەستهات. ئەو بۆچوون و ستراتیژەی جووەکان لە سەرەتای بیستەکانەوە بەچڕی جێگیربوو، کە دواتر بۆیان چووە سەر: بەریتانیا بێهیوا بوو (یا ڕاستتر بڵێین زایۆنیستەکان وایان لێکرد کە هیوا بە فەلەستینی یەکبوو لەدەستبدات) و بەم هۆیەش بڕیاری خۆکێشانەوەی یەکجارەکی لە فەلەستیندا و لەساڵی 1947 و لە ساڵی دواتریش بە فیعلی کشایەوە و دەوڵەتی ئیسرائیلیش بەبێ یەک کاتژمێر دواکەوتن ڕاگەیێندرا.. ئەمە لەکاتێکدا کە هێشتا جووەکان بەو هەموو ئەزموونە تاڵە لەگەڵ عەرەب تێپەڕنەبووبوون.. کەچی سەرانی کورد دوای 82 ساڵ لە ئەزموونێکی تاڵ و خوێناویدا (ئەنفال و هەڵەبجە و ...هتد) لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، هەتا لە دوای ڕووخانی دکتاتۆریەتیش، ئەوجا نەک هەر بە بەرنامەی بێهیواکردنی ئەمریکییەکان لە پرۆژەی دەوڵەتی عێراق کاریان نەکرد، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە بە بەرنامەی سێ بەهیوابوون و بەهیواکردن کاریان کرد، لەسەر ئەو بڕوایەی کە تەنها چارەسەر بۆ کێشەی کورد عێراقی "دیمۆکراتی و فیدراڵییە" (واتە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیمۆکراتی بۆ عێراق)! ئەم سێ بەهیوابوونەش ئەمانەن: یەکەمیان، هیوا دروستکردن لای خەڵکی کوردستان کە تەنها چارە عێراقی دیمۆکراتی و فیدراڵییە و دەنگدانیش بە دەستووری هەمیشەیی عێراق "دەنگدانە بە ڕێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی ئەنفال و هەڵەبجە"؛ دووەمیان، هیوادروستکردن لای ئەمریکییەکان کە باشترین چارەسەر عێراقی دیموکراتی و فیدراڵییە. سەرکردایەتی کورد هەرگیز زاتی ئەوەی نەکرد بەڕاشکاوی بە ئەمریکییەکان بڵێ کە هیچ ئامراز و هۆیەک نییە ئێوە لە پرۆژەکەی بەریتانیا سەرکەون کە خۆی 82 ساڵە شکستی هێناوە و بەشی کوردیش لەو پرۆژەی بەریتانیایەدا هەر ماڵوێرانی و کۆمەڵێک تراژیدیا بووە؛ بەهیوابوون یان بە هیواکردنی سێهەمیشیان بریتی بوو لە دانی هەموو هەوڵێک بۆ ڕازیکردنی شیعە و سوننەی عەرەب و نزیککردنەوەیان لەیەکتر. ئاخر بۆ مومکینکردنی ئەو پرۆژەیەی دامەزرانەوەی سەرلەنوێی عێراق، سەرانی کورد دەیان هەڵەیان کرد، یەکێک لەو هەڵانە ئەوەبوو کە هەموو هەوڵێکیاندا لەپێناوی بەشداریکردنی سوننەی عەرەب لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی عێراقداو لەم پێناوەشدا سەرانی کورد بەوەش ڕازیبوون کە مادەی 142 لە ڕەشنووسی دەستوور زێدە بکرێ (کە مەبەست لەو ماددەیە ئەوەبوو کە دوای هەڵبژاردن گۆڕانکاری لە دەستووردا بکرێت؛ ئەو هەمووە لەپێناو بەشداری سوننە (یان ڕاستتر بڵێین بەشێک لە سوننەی عەرەب — تارق هاشمی و جەماعەتەکەی) لە پرۆسەی سیاسیدا. هەموو ئەوەش لەپێناو سەرخستنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و مومکینکردنی پرۆژەی سەرلەنوێ ئاوەدانکرنەوەی عێراق و تەواوکردنی تەوق و قەفەس بەدەوری کورددا لەو وڵاتە. شایەنی وتنە، لە وتارێکمدا، کە لە 2005/10/1دا بڵاوبووەتەوە، بە دوور و درێژتر باسی ئەم ئیشکالیەت و موفارەقەی سێ دانە بەهیواکردنەم کردوە، کە تەواو بە پێچەوانەوە پێویست بوو هەوڵدان بێت بۆ سێ دانە بێهیواکردن. هەر لەوێ و لە زۆر بۆنەی دیکەش باسم لەوە کردووە کە هیوای ڕاستەقینەی کورد ڕێک لە سێ بێهیوابوون دایە.. داخەکەم ئێستا هەندێ درەنگە و دەتوانێ زۆریش درەنگ بێت، بۆ ئەو سێ بێهیوابوونە. بە هەر حاڵ، وا دەزانم هەموو دەرفەتێک لەدەست نەچووە!؛ ب- دوو کەسایەتی کورد (هوشیار زێباری و مام جەلال) هەڵسوکەوتیان لە بابەتی مومکینکردنی دەوڵەتی عێراق نیگەرانئامێز و ترسناک بووە. لێرەدا تەنها، وەک نموونە، باس لە هەوڵی بێوچانی ئەو دوو کەسە دەکەم بۆ دەرهێنانی عێراق لە بەندی حەوتی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەم دەرهێنانەش مانای کۆتاییهاتنی بە تەواوەتی عێراقە لە بڕیارەکانی 688 و 986ی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەکاتی کاراکردنەوەی هەردووکیان کورد دەبێ بەخودی ئامراز و ئەلتەرنەتیڤێک بۆ جیابوونەوە لە عێراق. ئاخر دەرهێنانی عێراق بەتەواوەتی لە بەندی حەوت مانای گەڕانەوەی تەواوی سەروەری بۆ عێراق، ئەوەش بە مانای کامڵبوونی تەوقە لەسەر وجودی کورد. بە مانایەکی دیکە تاوەکو عێراق مابێتەوە لەچوارچێوەی ئەو بەندەدا، ئەوا ئەگەر زۆرە کورد بتوانێ ڕاستەوخۆ سوود لە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان (ژمارە 986— واتە نەوت بەرامبەر خۆراک و دەرمان، کە 13%ی یەکسەر بۆ کوردستان بوو لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا) وەربگرێ لەکاتی هەر دابڕانێک لەگەڵ بەغدا یان هەر قەیرانێکی جیدی کە دابڕانی بەتەواوی نێوان کوردستان و عێراقی عەرەبی لێبکەوێتەوە. بەهەرحاڵ، کە ناوی ئەو دوو بەرپرسە کوردە دەهێنم مانای وانییە تەنها ئەوان لەو موفارەقە کارەساتئامێزە بەرپرسن بەڵکو تەواوی سەرکردەکانی کورد، جا ئەو سەرکردانە هەر پلە و پایەیەکیان دەبێ با ببێ. ئەوەی من ئاگادارم تائێستا نەمبیستوە بەرپرسێکی کورد لەسەر ئەو بابەتە ڕاوەستێ و مەترسی دەرچوونی عێراق لەژێر ئەو پەرەگرافە بەڕاشکاوی بخاتەڕوو و بەبێ دوودڵی بڵێ "دەرچوونی عێراق لەو پەرەگرافە بە مانای پاشەکشەیەکی جیددی و بگرە کارەساتیش بۆ کورد دێت..."؛ ج- هەموو ئەو بەرپرسە کوردانەی لە بەغدان و بەوانەی کوردستانیشەوە نەیانتوانی وردەکارییەکانی ڕێککەوتنی ئەمریکا و عێراق ببینن کە هەر نەبێ لە سێ (3) مادەیدا ئەو ڕێککەوتنە دەتوانرێ بەرامبەر (یان دژی) کورد بەکار بهێنرێ. مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ بۆ ئەو حاڵەتە؟ وەڵامێک دەتوانێ ئەو ڕاستییە بێ کە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە عێراقی دوای سەدام نەک هەر هیوایەکی مزەوەری بەخۆی و خەڵک بەخشی (بەو مانایەی کە هەموو شتێک نوێیە و هەموو شتێک باشە و هەموو مافەکان لە دەستووردا چەسپاون و هەموو شتێک بە دڵی کوردە، ئەمریکا لەگەڵ کوردە و . . . هتد) بەڵکو بە دەستی خۆی، خۆی و خەڵکی کوردستانیشی بەنج کرد!

**زۆر بەڕێز،**

لە کاتێکدا ئەم تێبینیانە دەنووسم بە پەیوەندی لەگەڵ دیمانەکە، ئەو ڕاستییەش دەزانم کە جەنابت یەکێک بووی لەو سەرکردە دەگمەنانە کە لە ماوەی ساڵانی دواییدا گوزارشتان لە کۆمەڵێک نیگەرانی کردووە و هەوڵی ئەوەشتانداوە کە دەرهاوێشتەکان لە ماتماتیکی سیاسەتی کوردیدا هەر بە یەک هاوکێشە دەرنەهاوێژرێن، بەڵکو دەکرێ هاوکێشە (موعەدەلە)ی دیکەش تاقیبکرێتەوە (یا بکرێنەوە). وتارەکەت بەر لە دوو ساڵێک (پەشیمانم، پەشیمانم، پەشیمانم) و ئەو ئاماژەیەش بە سەربەخۆیی کە لە دیمانەکەی (ڕووداو)دا کردووتە، نموونەی گرنگن ..

تێبینی: بۆ بینینی نامەکان و وتارەکانم دەربارەی ڕیفراندەم و باسوخواسی دیکە، تکایە بڕوانە ماڵپەڕی تاکە کەسیم burhanyassin.com یان کتێبی (عێراقی دوای سەدام و چارەنووسی باشووری کوردستان)، (کوردستان، 2008). ئەگەر هەڵە نەبم نوسخەیەکم لەو کتێبە ناردووە بۆتان لە ڕێگەی کاک (تەحسین قادر)ەوە.!

لە دواییدا سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە
هەر شاد و تەندروست بن،

براتان، بە ڕێزێکی زۆرەوە،
بورهان ا. یاسین
لوند، سوید